# كاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر سەرچاوەی دارایی دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی كوردستاندا

**جوانە سەلاح حسین**

**ئیمەیڵ:** jwansalah80@gmail.com

بەشی ڕاگەیاندن، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان ، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان ، عێراق.

**عمر احمد ڕەمەزان**

**ئیمەیڵ:** Omar.ramadahn@ouh.edu.iq

بەشی ڕاگەیاندن، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان ، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی كوردستان ، عێراق.

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەو كاریگەرییانەی كە تەنگژەی دارایی لەسەر دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن لە هەریمی كوردستاندا دروستی كردوە، ئەم توێژینەوەیە وەرگیراوە لەماستەرنامەی (كاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر سەرچاوەی دارایی دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی كوردستاندا ) كە بابەتێكی ڕاگەیاندن و ئابورییە .

ئامانج لە توێژینەوەكە (دەرخستنی ئاستی كاریگەریی تەنگژەی داراییە لەسەر شێوازی كاركرن لە دامەزراوەكانی ڕاگەیاندندا بەپێی جۆری خاوەندارێتی و جۆری ئامرازەكان) بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی توێژەر توێژینەوەی جۆری وەسفی و ڕێباز (ڕاپێویی) بەكارهێناوە .

بۆ كۆكردنەوەی زانیاریەكانیش ئامرازەكانی فۆرمی (پێوەر) (مقیاس) ی بەكارهێناوە، كە دابەشی كردوە بە سەر كارمەندان و ڕۆژنامەنوسانی دامەزراوەكانی ڕاگەیاندا . توێژینەوەكەدابەش بووە بۆ سێ بەش؛ بەشی یەكەم: بریتیە لە مێتۆدنامەی توێژینەوەكە، بەشی دووەم:لایەنی تیۆری توێژینەوەكەیە كە لە دوو باس پێك هاتووە، باسی یەكەم: سەرهەڵدانی تەنگژەی دارایی لە هەرێمی كوردستان هۆكارو لێكەوتەكانی.

باسی دووەم:سەرچاوەی دارایی دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن و تایبەتمەندیە ئابوریەكانی.

كۆتا بەش بەشی سێەمە كەلایەنی پراكتیكی و مەیدانی توێژینەوەكە لەگەڵ دەرئەنجام و پێشنیارو ڕاسپاردەكان لە خۆدەگرێت .

**كلیلە وشەكان :** تەنگژەی دارایی، كاریگەریی ، دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن، سەرچاوەی دارایی .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## پێشەکی:

دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ئەمرۆدا لە گۆڕانکاری بەردەوامدان لە ڕووی شێوازی کارکردن،خاونداریێتی،بەرێوەبردن و جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئەمەش بەهۆی پێشکەوتنە ئابوریی و تەنکنەلۆژیەکانەوەکە بەردەوام لە گۆراناکاریدان، کە هەموو ئەمانەش ڕۆڵدەگێڕن لە دارشتنی سیاسەتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بارودۆخانەی کە لە گۆمەڵگەدا دێنەپێش.

ئامانج لە بابەتی ئەم توێژینەوەیە تێشک خستنە سەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنە لە گۆشە نیگایەکی ئابورییانەوە لەرێگەی خستنەڕوی ئەو کاریگەریانەی کە دۆخە ئابوریی و داراییە نەخوازراوەکان دروستیدەکەن لەسەر دامەزراوەکان بەگشتی و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەت، دامەزراوەمیدیایەکان ناتوانن خۆیان ببوێرن لەو گۆرانکارییە ئابورییانەی کە ڕوو دەدەن چونکە دەبێت بزانن چ بەرهەمدێنن ، بۆ کێ بەر هەمی دێنن ، چۆن پێشکەشی وەرگێری دەکەن.

بابەتی ئابوریی ڕاگەیاندن و پیشەسازی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا، لە ئێستادا تارادەیەک بابەتێکی نوێیەو دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەشێویەکی باش کارییان لەسەر نەکردووە، بەهۆی جۆری خاوەنداریێتی میدیا لە هەرێمی کوردستان و ناڕونی ئەم بوارە وای کردووە میدیاکان لە ژێر باڵی حیزب یان گروپ و رێکخراوەکاندا کاری خۆیان بکەن و بیر لەسەربەخۆیی ئابوریی نەکەنەوەو ئەمەش هۆکارە بۆ دروستنەبوونی کێبڕکێی بە هێز لە نێوان دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا کە کێ باشترین پێشکەش دەکات.

بابەتی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە و کاریگەرییانە کە تەنگژەی دارایی دروستی کردوە لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا .

توێژینەوەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێک دێت:-

بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکەیە، بەشی دووەم: لایەنی تێۆری توێژینەوەکەیە ، بەشی سێهەم: بریتیە لە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە، توێژەر لە رێگەی فۆرمی (پێوەر) پیوانەی ڕای ئەو ڕۆژنامەنوس و کارمەندانەی کردوە، کە سامپڵی توێژینەوەکەش بریتیە لە هەرسێ دامەزراوەی(ڕووداو ،وار،NRT) سەبارەت بە ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لە سەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## بەشی یەکەم :میتۆدنامەی توێژینەوەکە

### یەکەم :کێشەی توێژینەوەکە :

یەکەم هەنگاوی جەوهەریی لەهەر توێژینەوەیەکی زانستیدا بریتیە لە دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکە، کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەبینێتەوە :-

1. ئایا تەنگژەی دارایی تاچەند کاریگەریی دروستکردوە لەسەر رۆژنامەنوسان و کارمەندانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ڕووی شێوازی کارکردن و مافەکانیان ؟
2. ئایا تەنگژەی دارایی کاریگەریی هەبووە لەسەر چەندایەتی و چۆنایەتی (کوالێتی) بەرهەمە میدیایەکان ؟
3. ئایا ئاست و کاریگەریی تەنگژە داراییەکان لە سەر کام جۆر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن (خوردتر) (بەهێزترە)؟ ( لە ڕووی خاوەندارێتی و جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن )ەوە.

### دووەم: هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە

گرنگی و بایەخی ئابوری ڕاگەیاند و سەرچاوەی دارایی بۆ دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و بوونی زیاد لە سەرچاوەیەکی داهات کاریگەریی بابەتی تەنگژەی دارایی و کاریگەریی لەسەر دامەزاوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو.

### سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە :

1- خستنە رووی ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر ئەو رۆژنامەنوسانەی کە لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندا کار دەکەن لە ڕووی کواڵێتی کار کردنیان و سەرچاوەی داهاتیان .
2- خستنە رووی ئەو لێکەوتانەی کە تەنگژەی دارایی لە رووی چەندایەتیەوە لەسەر دامەرزاوە میدیاییەکان دروستی کردوە .
3- خستنەرووی ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لە سەر جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.

### چوارەم : گرنگی توێژینەوەکە

1. بۆ کۆمەڵ : گرنگی و بایەخی توێژینەوە لەو ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئاخۆ ئەو باسە چەند کاریگەریی لەسەر تاک و کۆمەڵگە دروست دەکات .
2. بۆ زانست: ئەم توێژینەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی لە بواری ئابوری ڕاگەیاندن و هەنگاوێکە بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی .
3. بۆ پسپۆریی: زیادکردنی سەرچاوەیەکی زانستیە لە بواری زانستی ڕاگەیاندن بەگشتی و بواری ئابوری ڕاگەیاندن بەتایبەت، توێژەر بەهیوایە ئەم توێژینەویە سوودی هەبێت بۆ خوێندکاران و توێژەران و ببێتە سەرەتای هەناگاونان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی زیاتر لەم بوارەدا .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

4.

## پێنجەم : جۆرو ڕێبازی توێژینەوەکە

توێژەر لەم توێژینەویەدا لە چوارچێوەی توێژینەوەی (وەسفیدا) ڕێبازی (ڕوپێویی) (مسحی – survey) بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە ئەو کاریگەرییانە بخاتە ڕوو کە تەنگژەی دارایی دروستی کردوە لەسەر دامەزراوە کانی ڕاگەیاندن.

## شەشەم : شێوازو ئامرازەکانی توێژینەوە کە

1. فۆرمی ڕاپرسی و (پێوەر )

توێژەر لەم توێژینەوەیدا فۆرمی (ڕاپرسی و پێوەر (المقیاس) ) ی بەکارهێناوە.

چاوپێکەوتن :توێژەر چاوپێکەوتنی وەک یەکێک لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە، چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسی یەکەمی هەرسێ دامەزراوەکانی (ڕووداو، NRT، WAR ) ئەنجام داوە.

## حەوتەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە

1- پێناسەیکرداریی کاریگەریی : مەبەست لەو کاریگەرییەیە کە تەنگژەی دارایی دروستی کردوە لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و سەرچاوەکانی داراییان .

فەرهەنگی (المصطلحات الاعلامیة ) بەم جۆرە چەمکی کاریگەریی پێناسە دەکات: سیفەتێکی گشتیە بۆ ئاماژەدان بەئەنجامەکان بە شێوەیەکی گریمانەیی و چاوەروان کراو، ئەم پێناسەیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە کاریگەریی بریتیە لە کاردانەوە .( محمد عزت،٢٠٠٧، ل٢٠٨ )

٢- **تەنگژە** :Crisis ئەو دەستەواژەیە بە مانای گرفتێک دێت کە ڕوودەدات و کاریگەری لەسەرلایەنی مادی دروستدەکات بەشێویەکی گشتگیر کاریگەرییەکانی بەسەر دامەزراوەکەوە دەردەکەوێت( مشعان الشاطري ،٢٠١١).

پێناسەی کرداریی تەنگژە: مەبەست لە و تەنگژە داراییەیە کە هەرێمی کورستانی گرتەوە و کاریگەریی لەسەر سەرجەم بوارە جیاوازەکانی ژیان بەجێ هێشت، بواری ڕاگەیاندنیش وەک یەکێک لەو بوارانە بێ بەش نەبووە لەو کاریگەرییە .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

2- سەرچاوەی دارایی (مصادر التمويل)

مەبەست لە سەرچاوەی دارایی ئەو سەرچاوانەیە کە دامەزراوەکان داهاتی لێوە دەست دەخەن بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی پارەدارکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان، ئەو رێگایە کە دامەزراوەکە پێداویستیە داراییەکانی خۆی لێوەدابین دەکات(حسين سمير، ٢٠٠٨، لا ١١٨)

پێناسەی کرداریی سەرچاوەی دارایی :مەبەست لەو سەرچاوانەیە کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن داهاتی لێوە دەست دەخەن .

3- دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن:

مەبەست لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ئەو دامەزراوانەن کە لە رێگەی زیاد لە ئامرازێکی ڕاگەیاندنەوە کە خۆی لە ڕاگەیاندنی (نوسراو، کاغەز ،بیستراو ، بینراو ، وێبسایتی ئەلکترۆنی) پەیام و هەواڵ و زانیاریەکانی دەگەیەنێتە وەرگر.

## بەشی دووەم: لایەنی تیۆریی توێژینەوەکە

### باسی یەکەم: سەرهەڵدانی تەنگژەی دارایی لە هەرێمی کوردستان هۆکارو لێکەوتەکانی

یەکەم : هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تەنگژەی دارایی لە هەرێمی کوردستان

سەرەتا تەنگژەی دارایی :بریتیە لە پاشەکشەی ئاستەکانی گەشەی ئابوری وبەرز بونەوەی نێوەندەکانی بێکاری و پاشەکشێی داهاتەکان، هەموو ئەم بەربەستانە پێکەوە کاریگەریی لەسەر ئەو دامەزراوانەو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەبێتەوە کە باری ئابوریان لاوازو نزمە و بە زووترین کات کاریگەریی تەنگژەکان بەسەریانەوە دەردەکەوێت و زیاتر ڕوبەڕوی دارمان و لە ناو چوون دەبنەوە( فەیسەڵ عەلی، ٢٠١٣، لا١٥٥)

لە گۆشە نیگایەکی کۆمەڵایەتیەوە "سەید علێوە" پێناسەی تەنگژەی دارایی دەکات بەوە کە "بریتیە لە تێکچوون و وەستانی رووداوە رێکخراو و چاوەروانکراوەکان و پاشان پێکدادانیان لەگەڵ کلتورو نەریتە باوەکانی کۆمەڵگە، کە ئەمە زەرورەتی گۆرانکارییەکی خێرا دەهێنێتە ئاراوە و دەبێتە هۆی دروستکردنی دابونەریتی نوێ کە زیاتر گونجاوبێت و پێویستی بەپێداچوونەوەی خێرا هەیە. (فەیسەڵ، ٢٠١٣،لا ٧-٨).

**هەرێمی کوردستان:** هەرێمێکی سەربەخۆیە لەچوارچێوەی دەوڵەتی فیدرالی عیراقداو خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی سەربەخۆی خۆیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا تا ساڵی (2014) بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەندی بەغداوە دەهات بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام بەهۆی ناکۆکییە سیاسییەکان و دابەزینی نرخی نەوت و پەلاماری داعش بۆسەر عێراق و هەرێمی کوردستان حکومەتی ناوەند بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی، قەیرانی دارایی بەتەواوی لەهەرێمی کوردستان سەریهەڵداو تا ئێستاش بەشێوەی رێژەیی بەردەوامیی هەیە(ئاراس:هەردەوان،2019،لا13) .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

نـاكۆكیە سیاسـیەكان تەنهـا لە نێـوان بەغـدا و هەرێمـدا كۆتـایی نەهات،بەڵكوكێشـەو نـاكۆكی گەشـتە نێـوان پـارتە سیاسـیەكانی هەرێمـی كوردسـتان، دواتـر بەهـۆی ئەوەی كە هەرێمـی كوردسـتان بیـری لەوە كـردەوە كە ئـابوورییەكی سـەربەخۆیی هەبێـت، هەمووئەمـانە ڕێـژەی قەرزەكـانی سەرشـانی حكـومەتی هەرێمیـان زیـاتر كـرد كە قەرزەكـان گەیشـتە 22 ملیـار دۆلار ئەمە لەگەڵ ئەوەی كە حكـومەتی هەرێمـی كوردسـتان توانـای ئەوەی نەمـا كە مـوچەی موچەخـۆرانی هەرێمـیش دابـین بكـات بۆمـاوەی زیـاتر لە دوو سـاڵ (2016–2017) كە ئەو موچەیەشـی دەدرا تەنهـا چەنـد مانگێـك بـوو لەگەڵ ئەویـش بە چـارەكە مـووچە . (عامر،العمران ٢٠١٦ ).

حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەشێوەیەكی سەرەكی پشتی بەو بەشە بوجەیە دەبەست كە لە حكومەتی فیدراڵیِ وەردەگرت كە لە بوجەی گشتی عێراقدا بە ڕێژەی 17% بۆی دیاری كرابوو ، لەو بەشە بودجەیەش حكومەتی هەرێم نزیكەی لە 70% بۆ موچەی مووچەخۆران و مووچەی كەس و كاری شەهیدان و كەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت خەرج دەكرد ، ئەم دۆخە بووە هۆی ئەوەی كە كەرتی تایبەت و پرۆژەی كشتوكاڵی و پرۆژە كەسیەكان لە و ماوەیەدا لە هەرێمی كوردستان زۆر لاوازو سست بن، چونكە بەشێوەیەكی گشتی ئەو چالاكیانەشی كە كەرتی تایبەت ئەنجامی دەدا لە ژێر چاودێری پشتگیری حكومەتی هەرێمدا بوو، هەموو خزمەتگوزاری و پرۆژە تایبەتەكانیش لە لایەن حكومەتەوە پێشكەش دەكرا، وەک پرۆژەكانی خاونوبەرەو نیشتەجێ بوون و ژێرخانی ئابوری كەرتی كارەباو وزە لەهەرێم لەگەڵ ئەوەی كە بەرهەمهێنانی وزەی كارەبا درایە كۆمپانیاكان بەڵام ئەوانەش هەر حكومەت پشتیوانی دەكردن و وزەی بۆ دابین دەكردن ، بۆیە بە ڕوودانی تەنگژەی داراییی ئەم كەرتانە بە تەواوی پەكیان كەوت لەگەڵ ئەوەی كەرتی تایبەت بوون، بەڵام هەموو ئەو جوڵەی كەلە بازارەكانی هەرێمی كوردستاندا دەبینرا سەرچاوەی سەرەكی مووچەی موچە خۆرانە، كە ئەوەیش ئەو پارەیە بوو كە لە بوجەی حكومەتی فیدراڵیدا بۆ هەرێمی كوردستان تەرخان كرابوو .

حكومەتی هەرێم بەهۆی ئەوەی كە دەوڵەتێكی سەربەخۆ نیە نەیتوانیوە دراوێكی تایبەت بە خۆی هەبێت و لەگەڵ ئەمانەشدا سیاسەتی دەرەی هەرێم و مامەڵەكردن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا كە بەرێژەیەكی باش لە بەرژەوەندی هەرێمی كوردستان نەبووە، ئەمە لەكاتێكدایە كە یەكێكی دیكە لەو هۆكارانەی كە بە شێكی زۆری وڵاتانی خاوەن سەروەری و سەربەخۆیی بۆ ڕوبەڕو بونەوەی تەنگژە داراییەكان پشتی پێ دەبەستن، بەرزكردنەوە یاخود زیاد كردنی ڕێژەی باجە لەسەر هاوڵاتیان ، بەڵام لە هەرێمی كوردستان كەمترین ڕێژەی باج هەیە بۆیە نەبۆتە سەرچاوەیەی داهات بۆ حكومەت ناتوانرێت لە ڕێگەی دەركردنی سەنەداتی داراییەوە حكومەت پارە كۆبكاتەوە، هەروەها هەرێم نەیتوانیوە لە ڕێگەی خستنە بازاڕی چاپی دراوی نوێوە پەیوەندیەكانی دەرەوەی بەشێوەیەكی خێرا ڕووبە ڕووی ئەو تەنگژە ئابورییە بێتەوە ، بۆیە تاكە ڕێگا بۆ چارەسەری ئەم كێشانە گەرانەوەیە بۆ ڕێككەوتن لەگەڵ بەغدا(مارک دیوڤیبر ،ل ٣-٤ ).

هەموو ئەم هۆكارانەی باسكران كاریگەریی گەورەیان لەسەر كایە جیاوازەكانی ژیان دروست كرد كە سەرجەم كەرتەكانی: وەبەرهێنان، خاونوبەرەو گەشتوگوزار، بێگومان دامەزراوە میدیاییەكان و ڕاگەیاندنیش بێبەش نەبوون



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

له كاريگەريتيەكانى ئەو تەنگژەيەى كەرووى له هەريمى كوردستان كرد تەنگژەى دارايى لە هەريمى كوردستان به سەرەتاو ناوەرۆكى هەموو ئەو كێشە ئابورى و سياسيانە هەژماردەكريت كه روويانداوه ، چەندين رووداو لە ناوچەكە دابەزينى نرخى نەوت و پەلامارى داعش لەعێراق و هەريمى كوردستان رويياندا دەكريت ئەوانيش به تەنگژە بناسێنين، بونە هۆى ئەوەى هەريمى كوردستان تووشى چەندين تەنگژەى ديكە ببێتەوە كە تائێستاش رەنگدادنەوەى بەسەر كايە جياوازەكانى ژيانى رۆژانەى تاكى كوردەوە هەيە، كێشەى كۆمەلايەتى و ئابورى و سياسى بەدواى خۆيدا هيناوە، داعش و پەلاماردانى هەنديك لەناوچە كوردستانيەكان و داگيركردنى موسڵ، سەرەتاى سەرهەڵدانى تەنگژەيەكى ترن لە هەريمى كوردستان ، ئەمە جگە لەوەى هێزى پێشمەرگەو حكومەتى هەرێم توشى جەنگێكى روبە روو بويەوە لەگەڵ داعش و چەندين شەهيد و قوربانى لێكەوتەوە، بەلام لێكەوتەكانى ئەم جەنگە لە قەبارەى جەنگەكە گەورتربوو، كە ئەويش ئاوارە بوونى ژمارەيەكى ئێجگار زۆرى هاولاتى عەرەب لە ناوچەكانى موسڵ و دەورو بەرى بۆ هەريمى كوردستان و كوردانى ئێزيدى، كەئەمە فشاريكى گەورەى بۆ هەريمى كوردستان دروست كە خۆى لە و ساتە وەختەدا لە دۆخێكى ئابورى نەخوازراودا بووە ، بۆيە ئەمە لە رووى ئابورييەوە فشارى بۆ ومەتى هەريمى كوردستان دروست كرد(عامر العمران ).

## دووەم : كاريگەرييەكانى تەنگژەى دارايى لە هەرێمى كوردستاندا

بانكى نێودەولەتى لە دواين ڕاپۆرتى خۆيدا سەبارەت بە كاريگەرى ئەو ژمارە زۆرەى ئاوارە كه روويان لە هەريمى كوردستان كردووە ئاماژبەوە دەكات كە هەريمى كوردستان بە هۆى ئەو ژمارە زۆرە لە ئاوارەى سنورى ناوچەكانى موسڵ و دەوروبەرى، روبەرووى چەند جۆريك لە تەنگژە بۆتەوە لەوانە مەترسى ئەمن و ئاسايش ،تەنگژەى سياسى و كۆمەلايەتى كەڵەكە بوو ، هەروەها لە ڕاپۆرتە كە دا باس لە خراپى دۆخى ئابورى هەرێم دەكات بەتايبەت ئەو قەرزانەى كە لە سەرى كەڵەكە بووە ،كە بە زياد لە 22 مليار دۆلار مەزەندە دەكريت، ڕاپۆرتەكە ئاماژەى بەوە داوە زياد بوونى قەرزەكانى هەريمى كوردستان بەهۆى دابەزينى نرخى نەوتەوە، بووە هۆى دروست بوونى ئاڵۆزى و پشێوى و هاتنە سە رشەقامى خەڵك و دەربڕينى نارەزايى لەلايەك و كۆچكردنى بەلێشاوى خەڵك بۆ دەرەو ولات لەلايەكى ديكە .

دامەزراوە ميدياييەكانيش بىَ بەش نەبوون لەم كاريگەريتيە ، لە ڕووى سەرچاوەى داهاتەوە كە ئەمەش كاريگەرى ڕاستەوخۆى دروستكرد لەسەركواليتى بەرهەمە ميدياييەكانى رۆژنامەنووسان، بێگومان لە ساتى ڕوودانى هەر تەنگژەيەكدا پێويستە حكومەت بڕيارى بەپەلەو يەكلاكەرەوە بدات و هەنگاو بنێت بۆ ڕزگار بوون لە و لێكەوتانەى كە بەهۆى تەنگژەكەوە هاتوونەتە پێش، بۆئەم مەبەستەش حكومەتى هەريمى كوردستان بڕياريدا كە ڕێكەوتن لەگەڵ بەغدا بكات، بەمەبەستى ڕووبە ڕوو بونەوەى ئەو تەنگژە داراييەى كە لە هەرێمى كوردستاندا ڕوويداوە، ئەمە لە كاتێكدايە كە حكومەتى بەغداش بىَ بەش نەبوو لەو كاريگەريانەى كە تەنگژەى دارايى دروستى كرد( Abbas' Noori، ٢٠١٧ ) .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## باسی دووەم : سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و تایبەتمەندیە ئابوریەکانی

### یەکەم : دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن

ئەو دامەزراوانەن کە لە ڕێگەی ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنەوە خزمەتگوزاری بوارە جیاوازەکانی: ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کلتوری و ڕۆشنیری پێشکەشی جەماوەردەکەن خاوەنی سیستمێکی کۆمەڵایەتین لە سەر بنەمای کاری هاوبەش بەڕێوەدەچێت بەمەبەستی هێنانەدی (ئەو ئامانجانەی کە دامەزراوەکە لە پێناویدا دروست بووە بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە ئامرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن دەبەستێت لە (رادیۆ ،تەلەفیزۆن ،رۆژنامە )( مي عبدلله،٢٠٠٦ ،ل١٧١ ).

دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن : بریتیە لە کۆمەڵێک چالاکی تایبەتمەندی تاکەکان ، لە ڕێگەی جێبە جێکردنی ئەو ڕۆڵەی پێی دراوە لە سەر بنەمای ئەو پرنسیپ و سیستەمەی کە دامەزراوەکەی لە سەر بنیات نراوە.

دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەوە جیا دەکرێنەوە کە پەخشی زانیاری دەکات لە ڕێگەی (ریکلام و رۆشنبیرکردنەوە )، کە ئەمە خاڵی پەیوەندیە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە ،لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە جۆرێک لە پەیوەندی لە نێوان وەرگرانی پەیامەکانی ئەمرازەکانی ڕاگەیاندن دروست دەبێت (جلاط،رجاء،2016،ل 20)

### دووەم : تایبەتمەندی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن

بەردەوام بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و بایەخدان بەتایبەتمەندییە جیاوازەکان و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی وەرگر لە پێدانی هەواڵ و زانیاری و خزمەتگوزاریی، تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی هەر دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندنە، بەڵام لەگەڵ زیاد بوونی خواستەکانی وەرگر و گەشەسەندنی بەردەوامی تەکنەلۆژیا وادەکات کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن زیاتر بایەخ بە گەشەسەندنی ناوەرۆکی بەرهەمی میدیایی و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بدەن، هەر ئەمەشە وادەکات دامەزراوەی نوێی میدیایی دروست ببێت بۆ ئەوەی توانای وەڵامدانەوەی خواستە بەردەوامەکانی جەماوەری هەبێت ( هادي نعمان ،2000،ل 428).

گرنگترین تایبەتمەندیەکانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بریتین لەمانەی خوارەوە:-(سهام الشجيري ،ل2014،48)

1- دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دامەزراوەی رۆشنبیرین بەو مانایەی کە لە سەر بنەمایەکی ئایدۆلۆژی کاردەکەن.
2- دەکرێت بە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بڵێین دامەزراوەی بازرگانی، چونکە هەوڵی بەدیهێنانی قازانج وسود دەدەن، ئەم تایبەتمەندیەش هەر لەسەرتای گەشەسەندینی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە ئەم تاییبەتمەندیەی بەرجەستە کردووە .
3- ئەو کارمەندانەی کە لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندا کاردەکەن بە پلەی یەکەم دەبێت لە رووی پیشەییەوە رۆژنامەنووس بن و مومارەسەی پیشەیی رۆژنامە نوسیان کردبێت و خاوەنی لێهاتووی و کەسانی رۆشنبیر بن .
4- سروشتێکی دوولایەنەیان هەیە کە لە یەک کاتدا دامەزراوەیەکی رۆشنبیری و بازرگانین .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## سێیەم : خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن

دامەزراوەکـانی ڕاگەیانـدن گۆڕانکـاریی بەردەوامیـان بەخۆیـانەوە بینیـوە، لە شـێوازەکانی خاوەنـدارێتی ، پێکهاتەوهەیکەلی کارگێریی، سەرچاوەی داراییی و پارەدارکردن، ئابوری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وبەرهەمهێنان.

ئەم گۆڕانکاریانە دەرهاویشتەی گەورەوریشەیی بە دوای خۆیدا هێناوە گۆڕینی سیاسەتی کارکردنی ناوەندەکانی هەواڵ و چەمکەکانی بەرپرسیارێتی پیشەیی بەرامبەر کۆمەڵگەو وەرگر، هەروەها بۆتە هۆی گۆرینی شێوازەکانی خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی رۆژئاوا ، ئەم گۆڕانکارییەش وایکردووە ڕاگەیاندن بکەوێتە مشتی سەرمایەداریی جیهانی، کە ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی گۆڕانکاری هاوشێوە لە سیاسەتی بەڕێوە بردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و فەلسەفەو ئامانجەکانی لەسەر ئاستی جیهان ، لە ئێستادا میدیا لە نێوان کۆمپانیا گەورەکان و دامەزراوە زەبەلاحەکانی دونیادا دابەش بووە ، بۆیە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ئێستادا بە پلەی یەکەم بونەتە قەوارەیکی ئابوریی. (سهام الشجيري ،ل 159، 2016 ).

بەڵام لە پاڵ ئەم بۆچونانەشدا دیدی جیاواز هەیە سەبارەت بە بابەتی خاوەندارێتی ڕاگەیاندن و رۆلی پیشەسازی ڕاگەیاندن کە ئەم گۆرانکاریەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا بە دۆخیکی ئەرێنی باس دەکرێت و بە هەنگاوێکی جۆریی لە بواری ڕاگەیاندندا هەژمار دەکرێت، چونکە شێوازی خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن گوزارشت لەئاستی ئازادی ڕاگەیاندن دەکات، سیستمی سیاسی بەهەموو ئەرکە ئابوری و کلتوری کۆمەڵایەتیەکانیەوە ، ڕەنگدانەوە ی دەبێت لەسەر شێوازی خاوەندارێتی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بەڵام لە کۆتایدا هەموو لە سەر ئازادی ڕاگەیاندن کۆکن ، خاوەندارێتی دامەزاوەکانی راگەیاندن بری ئەو ئازادیە دیاریدەکات (ابراهيم عبدلله ،2007،ل348).

## چوارەم : مۆدێلەکانی خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا

مۆدێلەکانی خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان ناچێتە ژێر رکێفی هیچ کام لە مۆدێلەکانی : (خاوەندارێتی حکومەت ،خاوەندارێتی بازرگانی و کەرتی تایبەت ،مۆدێلی خاەندارێتی تێکەڵ، ئەمەش بەهۆی تایبەتمەندی رەوشی هەرێمی کوردستان لەڕوی سیاسی و ئابوری،لە لایەک و نەبوونی دیدگایەکی ئاشکراو رۆشن لە لایەنی سیاسی و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بۆ چۆنێتی مامەڵە کردن و رێکخستنی بوار و کایەکانی ڕاگەیاندن ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێت مۆدێلێ خاوەندارێتی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا بچوێنین بە مۆدێلێ (تێکەڵ) کە زیاد لە هەموو مۆدێلەکانی دیکە لەم مۆدێلەوە نزیکە.

ئەو مۆدێلانەی خاوەندارێتی لە هەرێمی کوردستاندان چوار چێوەیەکی یاسایی ئەو تۆی نیە ، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کاری پۆلێنکردنیان قورس بێت. بەو پێیەی دانانی یاساکانی تایبەت بە ئازادی رۆژنامەگەریی و رێکخستنی خاوەندارێتیی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت بەپێی جیاوازی سیستمی سیاسی و بەها ئیتیکی و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان .

بەڵام لەگەڵ بەراورد کردنی یاسای کاری رۆژنامەنوسی لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتو لەهەندێک روەوە لێکچوون هەیە لە نێوانیاندا، بەڵام جیاوازیەکانی زیاترە(شێرکۆ مەنگوری،2012،ل145-156 ).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

لەمیانەی چوارچێوەی یاسای کاری میدیاکان ،لەکارکردنی دامەرزراوە میدیایەکاندا دوو جۆری گرنگ لە دەزگای یاسایی رۆڵیان هەیە، ئەوانیش :ئەو دامەزراوانەی کە بڕیار لە چوونە نێو زانیاریەکان دەدات ،هەروەها ئەوەی شێوازی بەکار هێنانی زانیاریە وەر گیراوەکان کۆت و بەند دەکات( عەبدوڵا مەحمود، ٢٠١٠،ل٣٣) .

بەهۆی سروشتی دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستانەوە بەشێکی زۆری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەگەڕێتەوە بۆ حیزب و کەس و گروپە خاوەن بەرژەوەندیەکانی ناو حیزب لەچەند ساڵی ڕابردووشدا خاوەندارێتی کەرتی تایبەت بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕووی لە زیادبوون کرد.

لێرەدا بە کورتی گرنگترین مۆدێلەکانی خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا دەخەینەروو :- (هەردەوان : عبدولخالق،٢٠١٧، ل ١٢٧-١٣٩ ).

یەکەم : خاوەندارێتی حکومەت بۆ ڕاگەیاندن ،لە پاش ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ وە و لەگەڵ یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، حوکومەت هەوڵیدا راگەیاندنی تایبەت بە خۆی هەبێ ،بەڵام بەهۆی ململانێ سیاسیەکان و خزمایەتی و گەندەڵی وایکرد، ڕاگەیاندنی حکومیی بەلاوازی لە دایک بێت ،دانانی کەسی نەشیاو و بێ ئەزمون لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن ،نەبوونی دیدگایەکی رۆشن و بەهەدەردانی پارە ، وای کرد ڕاگەیاندنی حکومیی لاواز بێت ،ئەو ڕاگەیاندنە حکومییانەی تائێستا لە کار کردن بەردەوامن ،وەک ماڵپەرە فەرمیەکانی حکومەت و وەزارەتەکان و پەرلەمان و ڕادیۆو تەلەفیزۆنەکانی سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری و ناخۆ، بێکێشەو گرفت نین و لە چاو پێشەکەوتنەکانی کاری ڕاگەیاندندا هێشتا لەدواوەن.

ڕاگەیاندنی حکومی یەکێکن لەو دامەزراوانەی ڕاگەیاندن کە لە کاتی ڕوودانی تەنگژەکاندا بە تایبەت تەنگژەی دارایی روبەروی زۆرترین زیان دەبنەوە بۆنمونە ڕادیۆ و تەلەفیزۆنی نەورۆز کە سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری بوون بە هۆی قەیرانی داراییەو داخران و کارمەندان و رۆژنامەنووسانی دابەشکران بەسەر بەرێوەبەرایەتیەکاندا.

دووەم : راگەیاندنی حیزبی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری وراگەیاندنی کوردی دەگەرێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ،کاتێک ژمارەیەک دەستەبژێری سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد لە لەستەمبوڵ سودیان لەو کرانەوە سیاسیەی دوای ١٩٠٨ وەرگرت .

ڕاگەیاندنی حیزبی لە پێش ڕاپەرینی ١٩٩١دا رۆڵێکی گەورەی بینی لە دروستکردنی بزاف و رەوتەسیایەکان ودروست بوونی شۆرشەکان، یەکێک بووە لەئامرازو کەرەستەکانی شۆرش و خەباتی سیاسی و نەتەوەیی ، بەڵام لە پاش راپەرینی ١٩٩١ شۆرشی چاپەمەنی لە هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد و حیزبی بوون یەکێک بوو لە سیما دیارەکانی ئەورۆژنامانە.

هەرپارتێکی سیاسی سەرگەرمی دانانی دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆی بوو و ڕاستەوخۆ ئەم دامەزراوانە لە لایەن حیزبەوە پارەدار دەکران و کەسی یەکەمی دەزگاکەش دەبوو کادیری حیزبی بێت، ئیتر ڕاگەیاندن بووە ئامرازی پروپاگەندەی حیزب ، لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ کە رۆژنامەگەری ئەهلی سەریهەڵدا و یەکەم رۆژنامە کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە خاوەندارێتی دەکرا دەرچوو ، دەر کەوتنی ئەم رۆژنامە ئەهلیانە کاریگەری لەسەر کەمبونەوە تیراژی رۆژنامە حیزیەکان کرد.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

سێیەم: خاوەنداریێتی ڕاگەیاندنی کەرتی تایبەت(ڕاگەیاندنی سەربەخۆ): کەبەڕاگەیاندنی سەربەخۆ،ئەهلی ، بازرگانیش ناو دەبرێت، ڕاگەیاندنی سەربەخۆ ئەو ڕاگەیاندنەیە کە گوزارشت لەئاراستیەکی سیاسی و ئایدۆلۆژی دیاری کراو ناکات، کرایەوەیە بەرووی بۆچوون وئاراستە جیاوازەکاندا.

مەبەست لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆ هەموو ئەوئامرازانەی ڕاگەیاندن و دامەزراوە میدیایەکان و ئەو رۆژنامە نوسانە دەگرێتەوە کە بەشێویەکی سەربەخۆ کاردەکەن لە دەرەوەی دەست تێوەردانی حکومەت و دەسەڵات کە ئەم چەمکە لە ئێستادا لە ویلاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا ڕاگەیاندنی جێگرەوەشی پێدەوترێت (صلاح عبد الحمید ،٢٠١٨ ،ل١٨-١٩) .

ڕاگەیاندنی ئەهلی سەرەتای دەرکەوتنی لە هەرێمی کوردستان دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٠کە مشتومرێکی گەورەی لە بواری ڕاگەیاندندا بە دوای خۆیدا هێنا.

چوارەم: ڕاگەیاندنی بازرگانی ،بەشێکە لەو ڕاگەیاندنەی کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە خاوەنداریێتی دەکرێت ،جیاوازی نێوان ئەم جۆرە لە ڕاگەیاندن لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەهلی ئەوەیە ئامانجی سەرەکی بەدەست هێنانی قازانجە ،لەرێگەی بڵاو کردنەوەی ریکلام و فرۆشی بەرهەمە میدییایەکانەوە ئەم جۆرە لە ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە شێوەی کەناڵی لۆکاڵی و کەناڵە ئاسمانیەکان و میدیای ئەلکترۆنیدا دەرکەوتوە .

## پێنجەم : سەرچاوەی داراییی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن

سەرچاوەی داراییی به یەکێک لە گرنگترین بنەما سەرکیەکانی هەر پرۆژەیەکی میدیایی هەژمار دەکرێت، چونکە گرەنتی مانەوەو بەردەوامی کاری کوالێتی باش دەدات، پارەدارکردن و سەر چاوەی داراییی یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی سەرکەوتنی هەر پرۆژەیەکی ڕاگەیاندن لە دونیادا .

(هەردەوان :عبدوالخالق،٢٠١٧، ل ١١٨-١١٩).

گرنگترین سەرچاوەکانی پارەدارکردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن Sources of finanacing of institution media.

دامەزراوەکانی بۆ دەستخستنی سەرچاوەی داراییان پشت بە چەند جۆرێک لە سەرچاوە دەبەستن کە گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە :-

**1 – ریکلام:**

ریکلام ، ئەو چالاکیەیە کە لە رێگەی ئامرازە کانی بینراو بیستراو نوسراوە و پەیامەکان دەگوازێتەوە بۆ تاک و کۆمەڵگە، بەمەبەستی هاندانی تاک بۆ کڕینی کەل و پەل و شمەکێک یان خزمەتگوزاری، ریکلام ئامرازێکی پەیوەنیکردنی کەسی نیە ، بەهاکەی پێشتر دراوە و کۆمپانیاو دامەزراوە گەورەکان ئەوانەی ئامانجیان دەستخستنی قازانجە بەم کارە هەڵدەستن(زيربن محمد ،٢٠٠٥،ل٣٢) .

ریکلام بە یەکێکە لە سیما دیارەکانی سەردەمی نوێ دادەنرێت، یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی سەردەمی نوێ کۆمەڵگە ناتوانرێت دەستبەرداربێت، لەم بارەیەوە"ئاماران ماتلار" لە کتێب نوێکەیدا بەناوی "امبراطورية الاعلان ":دەڵێت زیاتر گرنگیدان بە رێکلام وەک هونەرێک ئەوەی بیر بردوینەتەوە کە ریکلام پیشەسازیە ، ئەو پیشەسازیەی کە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بـابەخ و بەهـای زیاتردەبێـت، ریکـلام بەشـدارە لە هەمووگەشەسـەندەو ئابوریەکـان و کـاری دامەزراوە جیاوازەکان.

(زیربن محمد ،ل٤٠ ).

ئەگەربمانەوێت بە کورتی پیناسـەیەکی ریکلام بکەین بەشێوەیەکی گشتی ریکلام: بریتیەلە هەوڵێکی ناخودی کە بەهاکەی پێشتر دراوە، ئامانجی دروستکردنی کاریگەرییە (**سلام منعم**، ٢٠١٧،ل٥٤).

سەبارەت بە گرنگی ریکلام و بۆ تێگەیشتنی لە ئابوری ڕاگەیاندن دەبێت لەوە تێبگەین ،کە بایەخی ریکلام یاخود( فرۆشـتنی خـوێنەر وبیـنەر) هیچـی کەمتـر نـیە لە نـاوەرۆکی بەرهەمە میـدیاییەکان ، خواسـت لەسـەر ریکـلام لەئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەریدا پشت بە توانای لە دایک بوونی فرۆشی زیاتری ئەو کەلوپەلانە دەبەستێت کە ریکلامـی بـۆ کـراوە لەگەڵ خزمەتگوزاریەکانـدا،چونکە زۆرێـک لە ریکلامەکـان بەتـایبەت لە بـواری خزمەتگوزرایـدا ئاسناکاری بۆ کریار دەکات(سهام الشجيرى ،٢٠١٦ ،ل.١١٩-١٢٠ )

جۆرەکـانی ریکـلام لەسـەر چەنـد بنەمـایەکی جیـاواز دابەشـکراوە لێرەدا بە کـورتی جۆرەکـانی دەخەیـنە ڕوو لە سەربنەمای جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن :-( سلام منعم ،٢٠١٧،ل٥٦ ).

- ریکلامی ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاو کراوەو کتێب لە خۆی دەگرێت.
- ریکلامی رادیۆو تەلەفیزۆن و سینەما.
- ریکلامی ئەلکترۆنی و ئیمەڵ.

### 2 - فرۆشتنی بەرنامە وبەرهەمە میدیاییەکان :

فروشتنی ناوەرۆکی بەرهەمە میدیایەکان ، دەکرێت بە پیشەسازی ڕاگەیاندنیش بناسێرنێت پیشەسازی ڕاگەیاندن بە بـوارێکی نـوێ دادەنرێت لە زانسـتی ڕاگەیانـدا و زۆرتـرین توێژینەوەکـان لەم بـوارەدا چـردەبنەوە ، چـونکە ئەم بوارە گرنگی دەدات بە توێژینەوە و بە دوادا چوونی لایەنە ئابوریەکەی ڕاگەیاندن،هەمووئەو بـوارانە دەگرێتەوە کە پەیوەنـدی بە پـارەدارکردنی دامەزراوەکـانی ڕاگەیانـدن و وەبەرهێنـان ،خەرجـی و تێچووکان،داهـات ،نـاوەرۆکی بەرهەمە میدیاییەکانەوە هەیە (حمدى بشيرى، ٢٠١٦،ل١٦) .

### 3 - پشتگیری حکومەت و کەرتی تایبەت:

وەک ئاشـکرایە بەشـێکی زۆر لە رادیـۆ و تەلەفیـزۆن ڕۆژنامەکـان و مـاڵپەرە ئەلکترۆنیەکـان و ڕۆژنـامە ئەلکترۆنیەکان پەیوەندیان بە هەردوو کەرتی تایبەت و گشتیەوە هەیە، ئەم پەیوەندیەش بەپێی سروشـتی کارکردن و سیاسـەت و نـاورۆکی بەرهەمە میـدیایەکە دەگۆرێـت ،ڕەنـگە حکـومەت لە رووی داراییـیەوە پاڵپشـتی دامەزراوە میدیایەکان بکات، لە هەمانکاتدا کەرتـی تـایبەتیش پشـتگیری و هاوکـاری دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بکـات، شـێوازی ئەم پاڵپشــتی و هاوکــارییەش دەگۆرێــت رەنــگە بەشــێویەکی ناراســتەوخۆ حکــومەت پشــتگیری دامەزراوەیەکــی ڕاگەیاندن بکات کە ئەمەش لە رێگەی ئاسانکاری بۆ کارکردنی ڕۆژنامەنوسانی دامەزراوەکە(حمدى بشيرى ،ل٥٦ ).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# بەشی سێیەم : لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

## باسی یەکەم: هەنگاوە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم: کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە

### کۆمەڵی توێژینەوەکە:

کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە سەرجەم دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، توێژەر دامەزراوەکانی لەسەر ئەو بنەمایە دیاری کردوە کە دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندنی گەورەن و خاوەنی زیاد لە ئامرازێکی گەیاندن (نوسراو ،بیستراو ،بینراو ،ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی ) ، لەسەر ئەم بنەمایە لە هەر سێ پارێزگەکەی هەرێمی کوردستان دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندنی بەشێوە هەڵبژاردنی تورەکەیی وەرگرتوە ، کە خۆی لە هەر سێ پارێزگای (سلێمانی ،هەولێر ،دهۆک ) ا دەبینێتەوە .

### ٢- سامپڵی توێژینەوە کە

سامپڵی توێژینەوە: بریتیە لە بەشێک لە و کۆمەڵگەیەی کە خەسڵەتێکی هاوبەشی تێدایە و نوێنەرایەتی کۆمەڵگەکەی دەکات (سابیربۆکانی،٢٠١٦،ل١٢٦).

توێژەر ڕۆژنامەنوسان و کارمەندانی هەرسێ دامەزراوەی ڕاگەیاندنی (ڕووداو ،WAR ، NRT) وەک سامپڵی توێژینەوەکە بە ڕێژەی( ٢٠% ) وە رگرتووە .

### دووەم :ڕاستی و جێگیریی :

ڕاستی : ڕاستی فۆرمەکان =٢٤٥÷ ٢٥٢= ٩٧,٢٢ بووە کە ئەمەش ڕێژەیەکی زانستی گونجاوە و ئاستی ڕاستو دروستی فۆرمی ڕاپرسیەکە دەردەخات ،بەگشتی پسپۆران تێبینیەکانن لەسەر دارشتنەوەو ڕێکخستنەوەی بڕگەکان بووە یان زیاد کردنی چەند برگەیەک .لە پاشکۆی ژمارە .(٢) فۆرمی ڕاپرسیەکە پێش و پاش هەڵسەنگاندن خراوەتە ڕوو.

### سێیەم: ئامرازی ئاماریی توێژینەوەکە ( مقياس الدراسة )

لێرەدا ئەو ڕێکارو هەنگاوانە خراوەتە ڕوو کە لە پاکێجی ئامارییدا پشتی پێ بەستراوە لە توێژینەوەکەدا.

توێژەر لەم توێژینەوەیدا پشتی بەستووە بە پێوەر(المقياس) ی بەراوردکاری بەرێکاری یەک لە دوای یەکی ( مقياس لیکەرتی پێنجی ) بۆ کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی کە پێکدێت لە رۆژنامەنوسان و کارمەندانی ئەو دامەزراوانەی ڕاگەیاندن کە لەلایەن توێژەرەوە دیاری کراوە وەک سامپڵی توێژنەوەکەبۆگەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، بە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

بەرنامەی ئاماری (S .P.S.S) فۆرمەکان بەتاڵکراونەتەوە .بۆ شیکردنەوەو دەرهێنانی ئەنجامەکان سود لەم کرداره ئامارییانەی خوارەوە وەرگیراوە:-

٢ – ناوندە ژمێرەیی س = مج س×ن ÷ مج ن (م. بلالوک،هیربرت،٢٠٠٠،ل٩٦)

ن= ژمارەی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە (احسان،1982،ل175).

٢ - تاقیکردنەوە هاوکێشەی (T) بۆ یەک سامپڵ ( one –sample T –test) :-(کوردستان،2013 ،ل122-123 )

٣- بە کار هێنانی هاوکێشەی ئاماری پێرسۆن (Person correlation Coefficient) بۆ دەرخستنی هێزی بڕگەکان (مروان ،2010،ل168).

## باسی دووەم : خستنە ڕووی ئەنجامەکان

## یەکەم:ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر سەرچاوەی دارایی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ناوەڕۆکی بەرهەمە میدیاییەکانیان.

١ - خستنە ڕووی ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن ، لە دیدی رۆژنامەنوسان و کارمەندانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن .

توێژەربۆ زانینی ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لە ڕوانگەی ڕۆژنامەنوسان و کارمەندانەوە ، کەئایا تەنگژەی دارایی کاریگەریی هەبووە لە سەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن یان نا،ریکاری ئاماری one sample t.test)تاقیکردنەوەی ئاماریی بەکارهێناوە، کە بەکاردێت بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان (ناوەندەژمێرەیی هەژمارکراو )و(ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی) وەک لە خشتەکەدا دیارە، پاش بەراوردکردنی هەردوو ناوەندە ژمێرەییە

کە دەرکەوتووە کە جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا جیاوازیەکەش دەکاتە ( ٨،٣١٢) کە بریتیە لە بەهای (T) ی هەژمارکراو بە(نمرەی ئازادی f.d ) ، (١٨٤) ، چونکە (ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو (٥) خاڵ بەرزترە لە (ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی )،خستنە ڕووی ئاستی بەڵگەدارییەکەی لە ڕووی ئامارییەوە جارێکی دیکە ئەوەی لەسەرەوە خرایە ڕوو دەیسەلمێنێت، چونکە بەپێ ئەو ئەنجامە لە خشتەکە دا دیارە لە ئاستی بەڵگەداریی ئاماریی تەواو دایەو واتە (الدالة تامة ) ، چونکە ئاستی بەڵگەدارییەکەی (٠،٠٠) کە بچوکترە لە( ٠٥.٠ ) ، بە بەهای( T )ی خشتەیی (١،٦٥)، کەواتە بەڵێ تەنگژەی دارایی لە ڕوانگەی ڕۆژنامەنوسانەوە کاریگەری هەبووە لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، بەپێی ئەم ئەنجامە ئامانجەکە بەدیهێنراوە، بۆ سەلماندنی زیاتری ئەمە بە های (T) هەژمارکراوبەراورد دەکەین بە بەهای ( T) ی خشتەیی، ئەگەربەهای( T )هەژمارکراو گەورەتر بوو لە (T ) ی خشتەیی ئەوە بەڵگەداری ئامارییە ، بە دوو ڕێگا بەلگە دارە لە ڕووی ئامارییەوە کەواتە (پێوەرە ) کە ئامانجەکەی پێکاوە و ئامانجەکە هاتۆتە بە دیهێنراوە .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

بەپێ ئەم ئەنجامە دەردەکەوێت بەڵێ تەنگەژەی دارایی کاریگەریی هەبووە لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ڕووی شێوازی کارکردن و ناوەرۆک و کوالێتی بەرهەمە میدیاییەکان و سەرچاوەی داراییان لە ڕوانگەی ڕۆژنامەنوسان و کارمەندانەوە بڕوانە خشتەی (١).

**One-Sample Statistic**

**T-Test**

**خشتەی(١) ئاستی کاریگەریی تەنگژەی داراییی لەسەر دامەزراوەکان لە ڕوانگەی ڕۆژنامەنوسان**

بەهای خشتەیی نمرەی (١٨٤) و (T) بە ئازادی ئاستی

| بڕگەکان | ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی | ناوەندە ژمێرەیی هەژمار کراوە | لادانی پێوەریی | بەهای (T)ی هەژمار کراو | بەهای ئازای (d.f) | ئاستی بەڵگەداریی Sig. (2-tailed. |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆی گشتی | 42 | ٤٧,٣٦٧ | ٨,٧٨٣٣ | ٨,٣١٢ | 184 | ٠,٠٠ |

بەڵگەداری (٠,٠٥) = ( ١,٦٥ )

٢ – ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی بەپێی گۆڕاوی جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکە :

وەک لە ئەنجامی خشتەکەی سەرەوە خرایە ڕوو بەڵێ تەنگژەی دارایی کاریگەریی هەبووە لە سەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بۆئەوەی بزانرێت ئایا تەنگژە بەچ ئاستێک کاریگەریی لەسەر دامەزراوەکانی (وار،ڕووداو، NRT) دروست کردوە ، بۆ زانینی ئاستی جیاوازی کاریگەرییەکەی لە سەرهەریەک لە (گۆڕاوەکان) دامەزراوەکان، بۆئەم مەبەستە توێژەر بە بەکارهێنانی پێوانەی ئاماری (ناوەندە ژمێرەیی) هەریەک لە دامەزراوەکانی هەژمارکردوە، بە پێ ئەو ئەنجامەی کە لە خشتەکەدا خراوەتەڕوو ناوەندە ژمێرەییەکانیان جیاوازن، ئەمەش جیاوازی ئاستی کاریگەرییەکە دەردەخات لەسەر دامەزراوەکان .

بەم جۆرە هەریەک لە دامەزراوەی (روداو ) (٤٢,٤٤)، دامەزراوەی (NRT) (٤٩%)،دامەزراوەی( وار) ( ٥٢,٥٣٧% ).

لەگەڵ ئەوەی ئەنجامەکان ئەوەدەردەخەن کە بەڵێ جیاوازی هەیە لە ئاستی کاریگەریی تەنگژەی داریی لە سەردامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، بەڵام ئاستی جیاوازیەکان زۆر بەرز نیە، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکان ئەهلیە و سەربەکەرتی تایبەتە یان تێکەڵ لە ئەهلی حزبیە ، ئەو ئەنجامە ئەوە دەدات بە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

دەستەوە کە تەنگژەی داراییی کاریگەریی هەبووە لەسەریان بەڵام بە بونی جیاوازیەکی کەم لە نێوانیاندا، بەڵام بە پێی ئەنجامەکان ئەو دەردەکەوێت کە کاریگەیتی تەنگژەی داراییی لەسەر دامەزراوەی میدیایی (وار) زیاتر بووە بەراو د بە (روداو) و( NRT )هەروەها دامەزراوەی میدیایی ڕووداو تەنگژەی داراییی کەمترین کاریگەریی هەبووە لەسەری، بەراورد بە سێ دامەزراوەکەی دیکە بڕوانە خشتەی (٢) .

**خشتەی (٢) ناوەندە ژمێرەیی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن**

| دامەزراوەکان | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەریی Std. Deviation |
|---|---|---|---|
| ڕووداو | 76 | 42.4474 | 8.73521 |
| NRT | 55 | 49.0909 | 6.53275 |
| WAAR | 54 | 52.5370 | 7.16573 |
| کۆی گشتی | 185 | 47.3676 | 8.78332 |

٣- ئەنجامی شیکاری جیاوزی یەک ئاراستە بۆ دەرخستنی ئاستی جیاوازی کاریگەریتی تەنگژەی داراییی لەنێوان دامەزراوەکان و لە ناو دامەزراوەکاندا.

بۆئەوە بزانین ئەو جیاوازیەی کە لە شیکردنەوەی خشتەی (٢) ئاماژەمان پێدا لە ئاستی بەڵگەداریی ئاماریدایە یان نا، بۆ ساغکردنەوەی ئاستی جیاوازی کاریگەرێتەیەکە، کە نازانرێت ئایا کاریگەرییەکە لەسەر دامەزراوەکان لە چ ئاستێکدایە، ئایا گەشتۆتە ئاستی بەڵگەداریی ئاماریی یان نا ؟

بۆوەڵامی ئەمە توێژەر شیکاریی (جیاوازی یەک ئاراستە) تاقیکردنەوەی ئەنۆڤای(ANOVA) ی بە کار هێناوە بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا پێویستە ناوەندە ژمێرەیی هەر دامەزراوەیەک هەژمار بکرێت ، وەک لە خشتە کەدا خراوەتە ڕوو، لە بەر ئەوە بەهای F ی هەژمار کراوە بە نمرەکانی ئازادی (٢ ، ١٨٢ ) و بە ئاستی بەڵگەداریی( ٠,٠٥) گەورەترە لە Fی خشتەیی واتە لە ئاست بەڵگەداریی ئاماریدایە ، هەروەها ئاستی بەڵگەداریی ئامارییش (00.0) واتە (دالة تامة ) کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە ڕووی ئامارییەو لە ئاستی بەڵگەداریی تەواودایە .

ئەمە ئەو ئەنجامە دەدات بە دەستەوە کە بەڵێ بە پێی شیکاریی (جیاوازی یەک ئاراستە) (تاقیکردنەوەی ئەنۆڤای(ANOVA) ئاستی کاریگەریی تەنگژەی داراییی لەسەر دامەزراوەکانی ( روداو ،وار ، NRT ) جیاوازی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

هەیە، بە پێ جیاوازی دامەزراوەکان، واتە تەنگژەی داراییی ئاستی کاریگەرییەکەی لە دامەزراوەیەکەوە بۆ دامەزاوەیەکی دیکەی ڕاگەیاندن جیاوازە.

هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی جۆری خاوەندارێتی و شێوازی کارکردنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن کە کاریگەری ڕاستەوخۆ دروست دەکات لەسەر سەرچاوەی داراییی دامەزراوەکەو ئەو داهاتەی کە دەستی دەخات، وەک لە لایەنی تیۆری توێژینەوەکەدا بە ڕوونی باس لە جۆریی خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و کاریگەریی لەسەر سەرچاوەی داراییی دامەزراوەکە کراوە ، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە( ئابوریی میدیا) لە سەر دەمی ئەمرۆدا یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی کە بە خاڵێ یەکلاکەرەوەی بەهێزی و بێ هێزی دامەزراوە کانی ڕاگەیاندن هەژمار دەکرێت . بڕوانە خشتەی (٣)

**خشتەی (٣)شیکاری جیاوزی یەک ئاراستە بۆ ئاستی جیاوازی کاریگەریتی تەنگژەی داراییی لە نێوان دامەزراوەکان**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندە ژمێرەیی | نمرەکانی ئازادی | دوجای ناوەندە ژمێرەیی | بەهای (ف) هەژمار کراو | ئاستی بەڵگەداری ئاماریی |
|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا Between Groups | ٣٤٤٦,٢٤ | ٢ | ١٧٢٣,١٢ | ٢٩,١٧٦ | ٠,٠٠٠ |
| لە ناوکۆمەڵەکاندا Within Groups | ١٠٧٤٨,٧٦ | ١٨٢ | ٥٩,٠٥٩ | | |
| کۆی گشتی | ١٤١٩٥,٠٠٥ | ١٨٤ | | | |

بەهای (F) ی خشتەیی بە نمرەکانی ئازادی (٢-١٨٢ ) ئاستی بەڵگەداریی ٠,٠٥ = ٣,٠٣

وەک لە خشتەی (٣) خراوەتە ڕوو بە پێی ئەنجامی شیکاریی یەک ئاراستە جیاوازی هەیە لە ئاستی کاریگەریی تەنگژەی داراییی لە نێوان دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا، بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا ئەو جیاوازییە دەکەوێتە نێوان کام لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەم مەبەستە توێژەر تاقیکردنەوەی ئاماریی (LSD) بەکارهێناوە، بەو جۆرەی لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکە وەک لە خشتەکەدا دیار دەکەوێت جیاوازییەکە لە نێوان (ڕووداو ، NRT ) لەگەڵ(ڕووداو،وار) جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی دامەزراوەی ڕاگەیاندنی (وار)ە، چونکە ناوەندەژمێرەیی (وار) کە ( 52.5370 ) لە هەر دوو دامەزراوەی (nrt، ڕوداو ) (49.0909، 42.4474) گەورەترە ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە تەنگژەی داراییی لە نێوان هەر سێ دامەزراوەکەی دیکەدا زیاتر کاریگەریی لە سەر دامەزراوەی ڕاگەیاندنی (وار)هەبووە. هۆکاری ئەمەش بۆ جۆریی خاوەندارێتیەکە و سەرچاوەی داهاتی دامەزراوەکە دەگەڕێتەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

بۆ زیاتر پشت ڕاستکردنەوەی ئەمە، لە کاتی سازدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی وار، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا دامەزراوەکەیان پشت بە چ جۆرە سەرچاوەیەکی دارایی دەبەستێت دامەزراوەی (وار) لە ڕووی سەرچاوەی داراییەوە بەتەنها نەیتوانیوە پشت بەخۆی ببەستێت و سەرچاوەی دارایی تەنها بریتی نەبووە لە ریکلام و فرۆشتنی بەرهەمە میدیاییەکان، وەک لە لایەنی تیۆریی توێژینەوەکەدا ئاماژەمان پێدا یەکێکە لەو هۆکارانەی کە لە بواری ئابوری میدیایدا باس کراوە کە دامەزراوەکان بتوانن سەرچاوەیەکی دارایی سەربەخۆیان هەبێت. بڕوانە خشتەی (٤) .

**خشتەی (٤) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (LSD) بۆزانینی ئاستی جیاوازی کاریگێتیەکە لە نێوان دامەزراوەکاندا**

| دامەزراوەکان | جیاوازی ناوەندەژمێرەیی | ئاستی بەڵگەداریی Std. Deviation |
|---|---|---|
| ڕواو × NRT | 6.64354 | ٠,٠٠ |
| ڕوداو × وار | 10.08967 | ٠,٠٠ |
| NRT × وار | ٣,٤٤٦١٣ | ٠,٢٠ |

٤- خستنە ڕووی ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی بە پێی جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

ئایا ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر ئامرازەکانی (تەلەفزیۆن ،ڕۆژنامە ،رادیۆ ،ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی و سۆشیال میدیا ) وەک یک بووە یان نا، بۆ زانینی ئاستی جیاوازی کاریگەرییەکە پێویستە سەرەتا بە ڕێکاری ئاماریی (ناوەندەژمێرەیی) هەژماریی ناوەندە ژمێرەیی هەریەک لە ئامرازەکان بخرێتە ڕووله ڕوانگەی بۆچونی ڕۆژنامەنوسان وکارمەندانی دامەزروەکانی ڕاگەیاندنەوە. وەک لە خشتەکەدا خراوەتە ڕوو جیاوازییەکی ئەو تۆ نیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەییەکانیاندا، ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراوی سەرجەم ئامرازە جیاوەزاکان لە نێوان (٤٦-٤٨) دایە کە ئەمە جیاوازیەکی کەمە بڕوانە خشتەی (٥)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

**خشتەی (٥)هەژماریی ناوەندەژمێرەیی لەسەر بنەمای جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن**

| جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن | ژمارە | ناوەنەژمێرەیی | Std. Deviationئاستی بەڵگەداراییی ئاماریی |
|---|---|---|---|
| رۆژنامە | 23 | 47.6957 | 7.85340 |
| تەلەفزیون | 115 | 47.5130 | 9.21037 |
| رادیۆ | 12 | 46.5833 | 7.59735 |
| ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی | 27 | 46.3704 | 8.43595 |
| سۆشیاڵ میدیا | 8 | 48.8750 | 9.44817 |
| کۆی گشتی | 185 | 47.3676 | 8.78332 |

بۆ زانینی ئاستی جیاوازی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لە سەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بۆ ساغکردنەوەی ئەوەی کە لە خشتەی (٥) خراوەتە ڕوو کە ئایا ئەو جیاوازییە کەمەی کەلەناوەندە ژمێرەییەکانیاندا هەیە لە ڕووی ئامارییەوە لە ئاستی بەڵگەداریی ئاماریدایە یان نا، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر تاقیکردنەوەی جیاوازی شیکاری یەک ئاراستەی (ANOVA) ی بەکارهێناوە.

بە پێ ئەنجامی شیکارییەکە وەک ئەوەی لە خشتەکەدا خراوتە ڕوو بە های (F)خشتەیی بریتیە لە ( ٢,٤٢ ) بە نمرەکانی ئازادی ( ٤،١٨٠ ) بچوکترە لە بەهای ( F )هەژمارکراوە کە کردویەتیە (١٨٢)، هەروەها ئاستی بەڵگەداراییی ئامارییەکەی (٠,٠٩٧) کە لە ئاستی بەڵگەداریی ئاماریدا نیە، چونکە گەورەترە لە (٠,٠٥) . بە پێێ ئەم شیکاریانەی خرانە ڕوو دەردەکەوێت بەڵێ جیاوازیی نیە لە ئاستی کاریگەریی تەنگژە بە پێی جیاوازی جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.

ئامانجی توێژەر لە خستنە ڕووی ئەم پرسیارە ئەوەیە بزانرێت ئایا بە پێی جیاوازی جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئاستی کاریگەریی تەنگژەی داراییی لە چ ئاستێکدا بووە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە ئابووری میدیادا ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی جیاواز لە ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن کەمترە پێویستیان بەسەرچاوەی دارایی تێچووی کەمترە لەگەڵ دەستی کار، لەبەرامبەردا رۆژنامەی کاغەزو تەلەفیزۆن زۆرترین تێچوو دەستی کاری پێویستە ، لە سەر ئەم بنەمایە لە کاتی ڕوودانی تەنگژەی داراییدا ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی کە خۆی لە ماڵ پەرە ئەلکترۆنی و وێبسایتەکان و سۆشیاڵ میدیادا دەبینێتەوە کەمتر تەنگژەی داراییی کاریگەرییان لەسەردروست دەکات. کەواتە بە پێی ئەنجامی شیکاریی جیاوازی یەک ئاراستە، کە بۆ زانینی ئاستی جیاوازی کاریگەریی تەنگژەی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

دارایی بەپێی جۆریی ئامرازەکان هەژمار کراوە دەرکەوتوە کە تەگژەی داراییی وەک یەک کاریگەریی لەسەر جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دروست کردوە ، هەریەک لە گۆڕاوەکانی (تەلەفیزۆن ،ڕۆژنامە، رادیۆ ،سایتی ئەلکترۆنی ) ئاستی جیاوازی نێوانیان لەیەکەوە نزیکە، کەواتە ئاماجەکە بەدی نەهاتووە، هۆکاری ئەمەش بۆئەوە دەگەرێتەوە کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەت دامەزراوە گەروەکان بەشێوەی پاکێج کار دەکەن .

هۆکارێکی دیکەش وەک لە ئەنجامی خشتەکانی دیکەدا خراوەتە ڕوو تەنگژەی داراییی نەبۆتە هۆی داخستنی هیچ کام لەم سێ دامەزراوانە، ئەگەر بەشێوەیکی کاتیش بێت .بڕوانە خشتەی (٦)

خشتەی (٦)ئەنجامی شیکاری جیاوزی یەک ئاراستە زانینی ئاستی جیاوازی کاریگەریی تەنگژەی داراییی لە جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن (ANOVA)

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی ناوەندە ژمێرەیی | نمرەکانی ئازادی | دوجای ناوەندە ژمێرەیی | بەهای (ف) هەژمار کراو | ئاستی بەڵگەداری ئاماریی |
|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان کۆمەڵەکاندا Between Groups | 57.317442 4424422 | ٤ | 14.32936 0 | ١٨٢ | 0.182440 |
| لە ناوکۆمەڵەکاندIn Within Groups | 14137.687 962963 | ١٨٠ | 78.54271 0 | | |
| کۆی گشتی | 14195.005 4054054 | ١٨٤ | | | |

بەهای (F) ی خشتەیی بە نمرەکانی ئازادی (٤-١٨٠ )ئاستی بەڵگەداریی (٠,٠١٨٢ ) =٢,٤٢



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## باسی سێیەم : دەرنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان و سەرچاوەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم: دەرئەنجامی توێژینەوەکە

١ – بە بۆچوونی ئەو ڕۆژنامەنوس و کارمەندانەی کە لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندا کاردەکەن (بەڵێ تەنگەژەیی داراییی کاریگەریی دروست کردوە لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن) لە ڕووی شێوازی کارکردن و ناوەڕۆک و کوالیتی بەرهەمە میدیایەکان و سەرچاوەی داراییان.

٢- بەهۆی گەشەسەندنە ئابورییەکانەوە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ڕووی سروشتی خاوەندارێتی و سەرچاوەی داراییان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە ، چونکە لە ئەمرۆدا ئابوری میدیا بایەخێکی گرنگی هەیە و دامەزروەکانی ڕاگەیاندن توانیویانە لە ژێر ڕۆشنایی پشەسازی میدیادا ببنە کیانێکی ئابوری سەربەخۆ.

٣- ناتوانرێت بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا دیاریی بکرێت ، چونکە دامەزراوەکان بەجۆرێک خۆیان پێناسە دەکەن کە جیاوازە لەوبۆچونەی خەڵک و رۆژنامەنوسان هەیان لەم بارەیەوە ، ڕەنگە هۆکار ئەم نارونیەش بۆ ناڕوونی جۆرەکانی خاوەندارێتی میدیا بگەڕیتەوە لە هەرێمی کوردستاندا، بەهۆی سیستمی سیاسی و ئابورییەوە.

٢ – تەنگژەی داراییی کاریگەریی دروست کردوە لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ئاستی کاریگەرییەکە لە نێوان دامەزراوەکاندا جیاوازی هەیە، هەریەک لە دامەزراوەکانی (وار،ڕووداو ،nrt) بە ئاستی جیاواز تەنگژەکە کاریگەریی هەبووە لە سەریان بەو پێیەی کە هەریەک لەم دامەزراوانە خاوەندارێتیەکانینان جیاوازە و بنکەی سەرەکیان لەناو چەجیاوازەکانی هەرێمی کوردستاندایە.

٣- جۆری ئەو سەرچاوە داراییە کە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن پشتی پێ دەبەستن بۆ پارەدار کردنی دامەزراوەکان ڕۆڵێکی کاریگەریی هەیە لە ڕوبەڕوبونەوەی هەر تەنگژەیەک کە ڕوو دەدات ، دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا تارادەیەک لە ڕووی سەرچاوەی داراییەوە سەر بەخۆ نین ، بۆیە بە ئاسانی دەکەونە ژێر کاریگەریی تەنکژەی داراییەوە .

٤- ئاستی کاریگەریی تەنگژەی داراییی لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەپێیی جۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، تەنگژەی داراییی بەپلەی یەکەم کاریگەریی لە سەر (رۆژنامە ،گۆڤار) کان دروست کردوە ، لە کاتی ڕوودانی تەنگژە ، ژمارەیک ڕۆژنامەو گۆڤار لە هەرێمی کوردستان داخراون ،وەک(هاوڵاتی ،ئاوێنە هتد ...)

٤- تەنگژەی داراییی کاریگەریی هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی چالاکی و خول و شێوازی کار کردنی ڕۆژنامەنوسان و کەم کردنەوەی خەرجیەکان .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

## دووەم: ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

### ڕاسپاردەکان:

١ – هەبوونی پلانی پێش وەختە لە لایەن دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ ڕوبە ڕوبونەوەی لێکەوتەکانی ئەو تەنگژەو گرفتانەی ڕووبەڕووی دامەزراوەکە دەبێتەوە .

٢- پشت بەستنی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بە زیاد لە سەرچاوەیەکی دارایی بۆ دەرباز بوون لە و دۆخە ئابورییە نەخوازراوانەی کە دێنە پێش.

٣- جێبەجێ کردنی سیستمیکی ئیداریی و داراییی پێشکەوتوو لە دامەزرواەکانی ڕاگەیاندندا ،بەجۆرێک تەنها دامەزراوەکان نەبنە زامانحاڵی حزب و گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە ،بەکلۆ جۆرێک لە میدیا دروست بکرێت کە ئیش لەسەر بەرهەمهێنانی میدیایی و دەستخستنی قازانج بکات.

٣- تەنگژەی داراییی کە لە ماوەی ڕابردوودا ڕوی لە هەرێمی کوردستان کرد ، هەموو ناوچەکان و شارەکانی هەرێم کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو تەنگژە داراییە بە بێ جیاوازی .

### پێشنیارەکان :

ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر کۆمەڵ و سەمپڵی جیاواز لە باروەکانی :

١ – ئاستی کاریگەریی تەنگژەی دارایی لەسەر دامەزراوە میدیایەکانی حزب.

٢- ئەو سەرچاوەداراییانەی کەدامەزراوەکانی ڕاگەیاندن پشتی پێدەبەستن .

٣- جۆری خاوەندارێتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن .

٤- بەیاخدانی زیاتر بە بواری ئابوری میدیا.

5-گۆڕینی تێگەیشتن لەڕاگەیاندن لە زمانحاڵەوە بۆ پیشەیەکی بەرهەمهێنی ئابوریی.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

# The Impact of the Financial Crisis on the Financial Sources of Media Institutions in the Kurdistan Region

**Jwana Salah Hussein**
Media department, College of Humanities, University of Sulaimani , Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

E-mail: jwansalah80@gmail.com

**Omar Ahmed Ramadan**
Media department, College of Humanities, University of Sulaimani , Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

E-mail: jwansalah80@gmail.com

## Abstract:
The research highlights the effects of the financial crisis on Media's institutions in the Kurdistan Region. The research is excerpted from the Master's thesis (The Impact of the Financial Crisis on the Financial Sources of Media Institutions in the Kurdistan Region) and it is a Media and Economic Subject at the same time The aim( goal) of the research : to show the extent of the impact of the financial crisis on the performance and how to work in medias institutions, according to the type of owner of the institution and the type of media. In order to reach the mentioned goal, the research used the survey method. In the process of collecting information, use the questionnaire (scale) by distributing it to employees and employees of Media's organizations. The research consists of three main sections The first section: It consists of the research methodology The second section: It is the theoretical aspect of the research and consists of two issues. The first issue: The occurrence of the financial crisis in the Kurdistan Region, factors of its occurrence and its implications. The second issue: the financial sources of media organizations and their economic peculiarities. The third and last chapter: It is the practical and field aspect of the research, and it includes the results and suggestion.

**key words:** The Financial Crisis, Impact , Media Institutions, Financial Sources.

## سەرچاوەکان :


عزت ،محمد فريد ،(2007)،قاموس المصطلحات الاعلامية ،دار مكتبة هلال للنشر والتوزيع .

بۆکانی، سابیر ،(2016)، میتۆدی توێژینەوەی زانستی،سلێمانی خانەی چاپ و بڵاو کردنەوەی چوارچرا.

زەنگەنە ، عەبدوڵڵا مەحمود ،(2010)، مافی گەیاندنی میدیا جەماوەریەکان و گەشەسەندنی ئابوریی، سلێمانی :چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.

عەلی ، فەیسەڵ ،(2013) ،ئابوری نێودەوڵەتی لە دەر ئەنجامی قەیرانەکاندا ، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەرێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاو کردنەوە ، سلێمانی.

مەحمود ،هەردەوان : ئیبراهیم، عەبدواخالق ،(2017)،ئابوریی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن چاپخانەی بێریفان.

احمد، السيدسميرة ،(١٩٩٧)، مصطلحات علم الاجتماع ، المملكة العربية السعودية مكتبة الشرقية .

المسلمي ،ابراهيم عبدلله(٢٠٠٧) ، ادارة المؤسسات الصحيفة ،القاهرة ،ط2 .

الحسن، حسان محمد: زينى عبدالحسين (١٩٨٢) ،الاحصاء الاجتماعى ،الموصل : دار الكتب للطبعة والنشر .

عشيش،حسين سمير(٢٠٠٨) التحليل الانتمائي ودوره في ترشيد عمليات الاقراص والتوسع النقدي في بنوك ، عمان : دار المجتمع العربي.

Abbas' Noori The Economic Crisis in kurdstan Region and its Impact on Foreign InvestmemtAvailable: https://www.omicsonline.org/open-access/the-economic-crisis-in-kurdistan-re سةرداني

الرماني ، زيربن محمد(2005) ، اقتصاديات الاعلام اسرار واخبار ،االرياض :مكتية الرشد .

زامل ، سلام منعم( 2017) ،اقتصاديات وسائل الاعلام ،نور للنشر .

الشجيرى ،سهام ( 2014) ،الاقتصاديات الاعلام ، الايمارات، الط1.

مەنگوری ، شێرکۆ (2012) ،واقع الصحافة باقليم كوردستان العراق في ضوء نظريات الصحافة ،السليمانية.

عبد الحميد ، صلاح(2018) ، الاعلام السياسى ، مصر: الجيزه.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020

،هيربرت ، م. بلالوك( 2000) ،الاحصاء الإجتماعي،ترجمة:عثمان الحسن محمد و سليمان محمد رضوان، الرياض : مكتبة العبيكات .

سنو ، مى العبد الله (2006) ، نظريات التصال, بيروت: دار النهضة العربية .

الهبيتي ، هادي نعمان(2000)، التصنيع وانشاء سوق ثقافية عربية مشتركة ,الدورة الثانية والعشرون لمؤتمر الوزراء المسؤلين عن الشؤن الثقافية في الوطن العربي ,الرياض .

الشاطري مشعان (٢٠١١) ، مفهوم الازمة خصائيصها نشوئها ، بحث الكتروني منشور،https://hrdiscussion.com/hr32773.html

محەمەد ، كوردستان ،عومەر (١٠١٣) ، خۆگونجاندنی كۆمەڵایەتی كۆچبەرانی كورد لە وڵاتانی ئەوروپا ،سلێمانی :بەڕێوەبەراەتی چاپ و بڵاوكردنەوە ی سلێمانی

احمد ، ئاراس ،رمضان : كاكە شێخ، هەردەوان، مەحمود(٢٠١٩) ، رۆڵی كاناڵە ئاسمانیە كوردیەكان لە ئیدارەدانی قەیران لە هەرێمی كوردستاندا قەیرانی داراییی بەنمونە ) توێژینەوەیكی وەسفیە.

علي، حمدي ،بشير محمد(٢٠١٦) ،الاعلام الرقمي واقتصاديات صناعته ،بحث مشاريك في المنتدي الاعلامي السنوي السابع للجمعية السعودية الاعلام والاتصال ،رياض.

لادمية ، عابدي(٢٠١٧) ،الاتصال الاسري في ضل التكنولوجيات الحديثة للاعلام والاتصال ،رسالة مقدمة لنيل شهادة دكتوراه علوم الاتصال والاعلام ،جامعة باجي مختار ،عنابة .

العمران ، عامر ،الازمة الاقتصادية في كردستان العراق ..الي اين ، مركز الروابط البحوث والدراسات الاستراتيجية http://rawabetcenter.com/archives/22899.

جلاط رجاء، دور الاتصال في ادارة و تسيير المؤسسة الاعلامية ،بحث منشور ، جامعة الدكتورمولاي الطاهر،كلية العلوم الاجتماعيةوالانسانية ، قسم الاتصاوالصحافة المكتوبة ، 2016 ، سەیری ئەم لینكە بكە https://pmb.univ-saida.dz/busshopac/index.php?lvl=notice_display&id=9119

مارك ديويفر، حينما تلتقي النهايات الاصلاحات الاقتصادية في اقليم كردستان العراق ، IIR_Making Ends Meet DeWeaver_Arabic.pdf سەیری ئەم لینكە بكە https://auis.edu.

دبدوب ، مروان عبدالعزيز (٢٠١٠) ،استخدام مصفوفةرتباط مقترحة في التحليل ألعاملي ، (قسم الاحصاء والمعلوماتية ،جامعة موصل ) بحث منشور ،مجلة التربية والعلم –مجلد (23) ،العدد (2).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(2).paper28 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.2, April.2020